## بەشی چوارەم

**بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەیی**

**هەموو فەلسەفەکانی وڵاتانی عەرەبی و لە نێوانیاندا عێراق لە سەر چەند بنەمایەك داریژراوە وە ئەم فەلسەفەیە بە چوارچیوەی گشتی کردارە پەروەردەییەکان دەژمێردرێت، وە لە رێگەی دەزگا پەروەردەییەکان ئامانجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەدەست دەهێنێت.**

**ولەگەڵ ئەوەی هەندی لە بنەماکان لێك جیاوازن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چەند بنەمایەك هەن لە گشت فەلسەفەکان لێك دەچن لە بنەمایەکانیش بریتییە لە :-**

**یەکەم // بنەمای بیروباوەڕ :**

**واتە چەسپاندنی بیرو باوەر بە خودا و ئاینە ئاسمانیەکان وە ئازادی بیرو باوەڕ وە جەخت کردن لە سەر ئاینی ئیسلام چونکە ئایینی فەرمی ووڵاتە وە زۆرینەی هاوڵاتیان لەسەر ئەو ئایینەن، وە لە روانگەی ئایینەوە بانگەشە بۆ برایەتی و تەبایی و بەها مرۆڤایەتیەکان و دوورکەوتنەوە لە دەماگیری دەکرێت.**

**وە لە بەر ئەوەی بڕوابە خودا بڕوا بوونە بە چاودێری بەردەوام، ئەم چاودێریە دەبێتە هۆی پابەندبوون و بەرپرسیاریەتی.**

**دووەم // بنەمای مرۆڤایەتی :**

**ئەو بنەمایە جەخت لە سەر پێگەی مرۆڤ دەکاتەوە لە سیستمی کۆمەڵایەتی، وە هاندانی مامۆستا بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی خۆی لە هەموو لایەنەکانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ.**

**لە گەڵ ئەوش جەخت لە سەر یەکسانی رەگەزی مرۆڤایەتی دەکات، وە هەوڵی ئەوە دەدات مرۆڤایەتی رزگاربێت لە ناکۆکیەکان و شەرانگێزی، هە بۆیەش کاردەکات بۆ دۆزینەوەی شێوازی گفتوگۆی گونجاو لە نێوان میللەتان، بۆ ئەوەی ئاشتیەکی جیهانی لەسەر بنەمای ماف و دادپەروەری و یەکسانی درووست بێت.**

**سێ یەم // بنەمای نەتەوەیی :**

**ئەم بنەمایە وەك وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری پەروەردە دەکات کە لەگەڵ کۆمەڵگا کارلێکدەکەن وە هەوڵ دەدات کۆمەڵگا پێش بخات، وە پەروەردە لایەنێکی نەتەوایەتی لەخۆ دەگرێت**

كە بەپێی تایبەتمەندیەكانی ئەو نەتەوەیە كاریگەری لەسەر پەروەردە درووست دەكات، وە یەكێك لە ئامانجەكانی پەروەردە ئامادەكردنی هاولاتیەكی پابەند و دڵسۆزە بەرامبەر بە كۆمەڵگاكەی وە چاندنی هەستی نەتەوایەتی لە دڵ و دەروونیان.

چوارەم // بنەمای ئەخلاقی :

ئەم بنەمایە بە پێوەری هاوسەنگی بەها زانستیەكان و بەها مرۆڤایەتیەكان دەژمێردرێت بۆ ئەوەی كۆمەڵگایەكی هاوسەنگ بنیاد بنرێت، وبنەمای ئەخلاقی لە كردەوەكانی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە وە بڕیاری لە سەر دەدات چ بە چاكە بێت یان بە خراپە، لە سەر ئەم بنەمایەش ئەخلاق و داب نەریت درووست دەبێت، درووست بوونەكەش بە دووشێواز دەبێت لەرێگەی ( پاڵەپەستۆی كۆمەلأیەتی و پاڵنەری ناوەكی كە پەیوەندی بە ویژدانەوە هەیە).

پێنجەم // بنەمای ئازادی و دیموكراسی :

ئەم بنەمایە لەسەر یەكسانی لە نێوان هاولاتیان لە ماف و ئەركەكانە، چونكەی مرۆڤ بە ئازادی لە دایك بووە وە بەئازادی ژیانی بەسەر ببات مافێكی ئاسایی خۆیەتی، وە ئەم مافەش بۆ هەموو مرۆڤێك بەیەكسانی دەبێت، چوونكە ئازادی زەرورتێكە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، بەلأم بە مەرجێك ئازادیەكانمان پێشەل كردنی ماڤی خەلكی تر نەبێت.
وە ئازادی بە بەردی بنەمای سەرهەڵدان و پێشەوەچوونی مرۆڤە وە ئازادی چەندین لاینی هەیە وەك ئازادی بیركردنەوە و ئازادی بیروباوەر و ئازادی ووشە وە یەكەم هەنگاو لە بەدەست هێنانی ئازادی رزگاری بوونە كۆت و بەندەكانی كۆن.

شەشەم // بنەمای زانستی :

ئەم بنەمایە سەیری پەروەردە داكات وە هۆكارێك بۆ چەسپاندنی زانست لە ناخی مامۆستا و قوتابی وەك پرۆگرام و ناوەرۆك و پراكتیك، وە بنەمایەك بۆ ژیان.
وە لەم قۆناغەدا فەلسەفەی پەروەردە دوو ئەركی هەیە
أ- هەلسەنگاندی ئامانجەكانی ئێستا لە سەر بارودۆخی زانستی ئێستا.
ب- شیكردنەوەی دەرئەنجامە زانستیەكان.
وە ئەم بنەمایە پێ ی وایە پەروەردە دەبێت هەوڵی پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی، وە یارمەتی دەزگا پەروەردەییەكان دەدات بۆ ئەوەی پرۆگرامی زانستی دابنێت، بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانست كۆمەلگا.

**حەفتەم // بنەمای کارکردن :**

**ئەم بنەمایە بریتیە لە چالاکیەکانی مرۆڤ بەمەبەستی بەرهەم هێنان، بۆ ئەوەی ئەرچاوەیەکی ئابووری پەیدابکات، چونك بنەمای دروست بوونی مرۆڤ کارکردنیتی، وە لەم بنەمایە زانست و کار یەك دەگرنەوە، چونکە کارکردن تەنها دابینکردنی بژێویی ژیان نییە بەلکو درووستکردنی ئاراستەکانی مرۆڤ بەرامبەر بەژیان وکەسانی دەوروبەری.**

**هەشتەم // بنەمای کلتوور :**

**کلتوور وەك بنەما رەسەنەکانی میللەت سەیر دەکرێت بۆ ئەوەی تاك شارەزایی بۆ داهاتووی خۆی کۆبکاتەوە پێویستی بەئاوەردانەویەك هەیە بۆ رابردووی خۆی وە بەها کۆمەلایەتیەکانی لێی دا وەر بگرێت، چونکە کلتووری هەموو میللەتێك ناسنامەیەتی بۆ پێویستە تاکەکان ناسنامەی خۆیان بزانن، بۆ ئەوەی چوارچێوەی نەتەوەیی خۆیان لە دەست نەدەن.**

**نۆیەم // بنەمای گۆڕانکاری :**

**ئەم بنەمایە پێی وایە مرۆڤ پێویستی بە گۆرانکاری دایە بۆ ئەوەی بتوانێت هاوشان بێت لە گەڵ گۆرانکاریەکانی دەوروبەری، وە ئەم بنەمایە پیٚ وایە مرۆڤ پێویستە بەردەوام بەداوداچوون بکات بۆ بیرو باوەرکانی و بۆچوونەکانی بۆ جیهانی دەرەوە، وە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەگەل گۆڕانکاریەکان برۆین پێویستمان بە پەروەردە هەیە**

**دەیەم // بنەمای داهێنان :**

**پیٚ ویستە مرۆڤ خۆی رزگارکات لە تەقلید کردنی کوێرانە، وە پێویستە خۆی لە دەسەلاتی بیری تەسك خۆی رزگار یکات وە هەوڵی داهێنانی بیرۆکەی نویٚ بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە نوێترین شێواز خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکات، وە پەروەردەش دەبێت لە سەرەتاوە هەوڵی درووست کردنی بیرکردنەوەی داهێنانە لە عەقڵی مندالەکان بچەسپێنێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژ خزمەتی باشتر پێشکەش بکەن.**

## بەشی پێنجەم

- پەروەردەی جەستەیی

- مەبەست لە بوونی پەروەردەی جەستەیی

ئەگەر ئێمە باس لە گرینگی بوونی پەروەردەی جەستەیی بکەین لە قۆناغە سەرەکیەکانی، پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، ئەم کارە واتای ئەوە نییە ئێمە تا ئێستا بە گرنگی ئەم لایەنە ئاشنا نەبوینە، بەڵگو ئەم لایەنە بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنێن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.
وە هەر لە فەلسەفەکۆنەکانەوەی پەورەدەی جەستەیی گرنگی خۆی هەبووە وە فەیلەسووفی پەروەردە ( جاجان جاك روسۆ ) پێی وابوو پەروەردەی جەستەیی پێویستە پشکێکی زۆری بەرکەوێت لە پرۆسەی پەروەردە.
وە دەتوانین گرنگی پەروەردەی جەستەیی لە پەروەردەی نوێ لە م خاڵانە بخەینە روو :

١- ئامانجی بەروەردەی جەستەیی زامن کردنی لەشێکی تەندرووست لە رێگەی گەشەی تەواو بۆ مرۆڤ و پاراستنی لە گشت نەخۆشییەکان.
٢- ئامانجی دووەمی بەروەردەی جەستەیی، جاککردنی ئامادەباشییە کە لەرێگەیەوە کارەکانی خۆمانی پێئەنجام دەدین، وە ئەوەی شایەنی باسە پێویستە بتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان پەروەردەی جەستەیی و پەروەردەی وەرزشی کە گرنگی بە ماسولکەکان دەدات.
٣- پەورەددەی جەستەیی کاریگەری دەروونی گرنگی هەیە لە سەر تاك، بۆ نموونە گەشەی دەروونی منداڵ و هەرزەکار پەیوەستە بە گەشەی جەستەیی تەندرووست، وە لە بەر ئەوی گرنـــــگی منداڵ و پرۆسەی فێربوونـــــی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دا ( هەستی جووڵەییە ) پێویستە ئەم لایەنە دەوڵەمەند بکرێت.
٤- هەندی لە کارە جەستەییەکان یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی فێری هەندی کاری عەقڵی و دەروونی بێت، بۆ نموونە مەشق کردن لە سەر ماندووبوون یارمەتی کەسەکە دەدات فێری سەبرکرتن بێت، وە مەشقکردنەکانی جەستەیی لە بوای جەنگ فێری بڕوا بەخۆبوونمان دەکات وە کەسایەتیمان بە هێز دەکات.
٥- وە پەروەردەی جەستەیی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکەیەکان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، وە یەکێکە لە هۆکارەکانی پرکردنەوەی کاتی دەست بەتاڵی.

- پلەکانی پەروەردەی جەستەیی و جۆرەکانی

سنووری پەروەردەی جەستەیی زۆر فرەوانترە لە سنووری بەروەردەی وەرزشی وە دەتوانین بڵێن پەروەردەی وەرزشی بەشێکە لە پەروەردەی جەستەیی، وە پەروەردەی جەستەیی بە جەند قۆناغێك دادەروات بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- لە قۆناغی پیش منداڵبوون دەست پێدەکات ئەویش لە رێگەی گرنگی دان بە ئافرەتی سك پڕ ، کە ئەویش بە ئەرکی پزیشك دەژمێردرێت، پاشان گرنگی بە ژیانی منداڵەکە دەدرێت، لە رێگەی گرنگی دان بە پاك ڕاگرتنی و خواردنی و تەندرووستی.

٢- وە لە ساڵانی یەکەمی منداڵی دا گرنگی بەگەشەی جەستەیی دەردێت لە رێگەی گرنگی دان بە جۆری یارییەکانی، وە مامەڵە کردنی لەگەڵ جیهانی ماددی.

٣- وە لە دوای ساڵی سێیەمی منداڵ، پەروەردەی وەرزشی رۆلێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پەروەردەی جەستەیی منداڵ، وە ئەم کارە لە قۆناغی داینگە و باخچەی ساوایان دەست پێدەکات، ئەویش لە رێگەی بەستنەوەی کارە جەستەییەکان بە کارە عەقلییەکان.

وە زانای پەروەردەیی ( جورج ابیر ) پێناسەی پەروەردەی جەستەیی دەکات ( بە کارێکی رێکخراو لە قۆناغی منداڵی تا قۆناغی گەورەیی، ئامانجەکەی زامنکردنی گەشەیەکی تەواو بۆ جەستەی مرۆڤ وە توانینی لەش بۆ بەرگری نەخۆشییەکان، وەبەهێزکردنی توانستەکانی )

بۆ یە دەتوانین بڵێن ئەم جۆرە پەروەردەیە بریتیە لە :

١- پەروەدەی کاری ئەندامەکانی لەش، بەتایبەتی ئەو جوولانەی زاڵن لە سەر کارەکانی تر.

٢- پەروەردەکردنی هەستەوەرەکان.

٣- پەروەردەی تایبەت بە دەست رەنگینەکان جەستەیی – جووڵەی دەست.

- رووەکانی پەروەردە جەستەیی :

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێن پەروەردەی جەستەیی سێ رووی هەیە لە وانە :

یەکەم // رووی نێگەتیف : ئەو رووەیە کە هەوڵدەدات منداڵ بپارێزێت لە هەموو ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی ما یەی ئازاردانی، بۆیە گرنگی بە شوێنی ژیانی دەدات لە روو ( پاکی و هەوای، پلەی گەرمای.... هتد ) وە لەم بوارە ئەم رووە لەبەرچاو دەگیرێت لە قوتابخانەکان کاتی دابەشکردنی قوتابیەکان بەسەر پۆلەکان و شێوازی دانشتنیان .

دووەم // رووی چاکسازی : ئەم رووە مامەڵە لەکەڵ حاڵەتە تایبەتەکان دەکات، ئەویش لە رێگەی دۆزینەوەی مەشقی تایبەت بۆ زاڵبوون بەسەر کەموو کورپەکان، واتە رووی جاکسازی ( مامەڵە لە کەڵ هەر حاڵەتێك بەتەنیا دەکات دوور لە حاڵەتەکانی تر ).

**سێ یەم // رووی پۆزەتیف : هەووڵی سەرەکی لەم رووە یارمەتی دانی هەموو کەسەکانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راست و درووست گەشە بکەن، وە لەم رووە پەوەردەی جەستەیی پێویستە لە هەموو قۆناغەکان دابێت.**

- **پەروەردەی جەستەیی و یاریکردن.**

**ئەو گرینگییەی دەدرێتە پەوەردەی وەرزشی، پێویستە دەرئەنجامەکەی خۆشەویستی وەرزش بێت نەك ترسان لە یاریکردن، وە پێویستە لە سەر پەروەردە هانی منداڵان بدات بۆ ئەوەی یاری بکەن، وە بەئارەزووی خۆیان یاریەکانیان رێك بخەن، وە رۆڵی بەخێوکەر لەم قۆناغە هاندانی مێشکیانە بۆ ئەوەی، خەیاڵیان فرەوانتر بکەن.**

**وە لە قۆناغەکانی قوتابخانە پێویستە منداڵەکان فێری یاری بە کۆمەڵ بن، وەلە گەڵ ئەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لاواز دەبێت لەم جۆرە یاریانە، بەلأم دەتوانرێت لە رێگەی ئەم یارییە زیاترین سوود بۆ منداڵەکان بەدەست ێنین بۆ نمموونە منداڵەکان فێری ( دەستپێشخەری، سەبر، بڕیاردان، پێشبرکی ، هاوکاری دەبن )**[٧]

**وە وەرزش گرینگی خۆی هەیە لە بەها پەروەردەییەکان و ئەخلاقیەکان، وە لەم بوارە زانای پەروەردکار ( هنری غوبییە ) دەڵێت وەرزش بەهای خۆی لە دەست دەدات ئەگەر هاتو سەیر کرا وەك ئامانجێك، چوونەکە لە رووی پەوەردەی جەستەیی وەرزش هۆکار و رەمزێکە بۆ توانستی مرۆڤ، وە ئامانجی سەرەکی بنیاد نانی جەستەیەکی ساغ و سەلامەت لە نەخۆشییەکان.**

## بەشی شەشەم

- پەروەردەی فیکری و پیشەیی

- بنەماکانی پەروەردەی فیکری

جەستەی مرۆڤ لە دەرئەنجامی کارلێککردنی جستەی مرۆڤ لە گەڵ ژینگە گەشەدەکات، وە مەبەست لە ژینگەی مرۆڤ تەنها ژینگەی فیزیکی نییە بەڵکو ژینگەی کۆمەلأیەتی و عەقڵی مرۆڤ دەگرێتەوە، وە زانا سویسری ( بیاجیە ) ئاماژەی بە گرینگی هەر سێ ژیگەی کردوە بۆ گەشەیەکی تەندرووست بۆ منداڵ لە قۆناغە جیاجیاکان وە دەستکەوتنی هاوسەنگی لەم ژینگە ئاڵۆزانە پێویستی بە توانستی عەقڵی هەیە، بۆ یە دەتوانین بڵێن پروەردەی فیکری سێ بنەمای سەرەکیان هەیە :

١- گونجان لە گەڵ بابەتی بوون :

منداڵ لە سەرتاکانی تەمەنی ناتوانێت بە شێوەیەکی بابەتی بیربکاتەوە، چوەنکە هەموو بیرکردنەوەکانی لە دەوری خوودی خۆی دەخولێتەوە، وە ناتوانێت لە دەرەوەی خوودی خۆی بر بکاتەوە، بۆیە پێی وایە هەموو جیهان بیرتییە لە وەی خۆی درکی پێ دەکات.

وە ئەرکی پەروەردەی فیکری ئەوەیە یارمەتی منداڵ بدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتی بیر بکاتەوە، ئەویش لە رێگەی رەخساندنی بوارەکان بۆ پەرەسەندنی ئەم بیرە، لە رێی درووستکردنی چەمکەکان.

بەلأم لە گەڵ ئەوەش دا دەبێ ئەوە بزانین کاری پەروەردەی فیکری تەنها کۆکردنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی تاك هەست بە گۆڕنکاریەکان بکات، وە هەست سۆزی لەگەڵدا بجوولێنێت.

٢- گونجان لە گەڵ کۆمەڵگا :

پەرەسەندنی گەشەی عەقلی مرۆڤ، بەیوەستە بە گەشە کۆمەلأیەتیەکەی، چوونکە هەموو پێکهاتە عەقلیەکان وە شێوازە بیرکردنەوە مەنتقیەکان، لە کۆتایی دەبێتە بیرۆکەیەك لە ناو کۆمەڵە کەسێك جی بەجێ دەکرێت، وە دەرچوونی منداڵ لە چوار چێوەی خوودی خۆی پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەلأیەتی دا دەبێت.

بۆ دەتوانین بڵێن کونجانی کۆمەڵایەتی یارمەتی عەلقڵی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنی تر بگونجێت.

راستە مرۆڤ ئەگەر بەتەنها لە گەڵ سروشت ببێت دەتوانێت گونجان بەدەست بێنێت بەڵام ئەم گوونجانە هیچ جیاواز نابیت لەگەڵ گونجانی ئاژەل، چوونکە گونجانەکەی لە گەڵ باودۆخی ئێستای دەبێت.

بۆ یە کۆمەڵگا زانیاری مێژوویی بە تاك دەبەخشێت بە درێژایی ساڵەکان، وە ئەم زانیاریانەی مرۆڤ وەك رەمز وەر دەێگرێت، بۆ ئەوەی لە عەقڵ خەزن بکرێت، بۆیە درووستکردنی رەمز لە عەقڵی منداڵ گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، وە درووستکردنی ئەم رەمزانە رێگەی چیرۆك و ئەفسانەکانەوە دەبێت، بۆ ئەوەی کەسەکە بتوانێت یەکەکانی کۆمەڵگا لێك ببەستێتەوە.

وە ئەم فێرکردنەش دوای فێرکردنی منداڵ بابەتە هەستیکان دەبێت چوونکە ئەم فێرکردنە وەك بنەمایەك دەبێت بۆ فێکردنی داهاتوو.

وە زانیاریەکانی ئارمەتی ئەو گەشەیە دەدات بیرتییە لە ( بیرکاری، رێزمان، وانەکانی پێویست بە شیکردنەوە دەکات... )

٣- گونجان لە گەڵ ژیانی رووحی :

کاتی باسی پەروەردەی فیکری دەکرێت ناتواندرێت لایەنی رووحی فەرمۆش بکەین، چوونکە ئەم لایەنە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی مرۆڤ درك بە بوونی خۆی بکات وە درك بە گرینگی زانست وزانیاری بکات.

چونکە پەروەردی فیکری پێکهاتەیەکی بەرزە لە بیرکردنەوە، وە ئامانجی راستەقینەی زانیاری دەزانێت، وە پێی وایە وەرگرتنی زانیاری لە پێناوە زانیارییەکە خۆی نەزانییە، بەڵام وەگرتن زانیاری بۆ ئەوەی تێیگەیشتن بەدەست بهێنین و خۆشەویستی بەدەست بێنین و کارێکی بێبکەین و لەرێگەی بزانین مرۆڤ کێیە، ئامانجی راستەقینەی زانستە.

بۆ یە دەتوانین بلێن هەرسێ ئاستی ( ماددی و کۆمەڵایەتی و رۆحی ) ئامانجی سەرەکی پەروەردی فیکریین ).

- پەروەردەی پیشەیی
- پیشە وەك کێشەیەکی پەروەردەیی :

ئەوەی شایەنی باسە کێشە پەروەردی پیشەیی زۆر ئاڵۆزترە لە پەرورەدەی فیکری، چوونکە کاتێ ئێمە باسی پەروەردەی فیکری دەکەین باسی پێکهاتەیەکی گشی مرۆڤ دەکەین، بەڵام لە پەروەردە پیشەیی باسی پێکهاتەیەکی تایبەت دەکەین لای مرۆڤ، وە کارەکان تەنها جیاوازنییە لە رووی

تايبەتمەندیەكانی وە پێكهاتەكانی، بەڵكو لە رووی ئامانجی كارەكە جیاوازی هەیە، وە جیاوازی هەیە لە ئاستە فیكریەكانی، بۆ یە مرۆڤەكانی جیاوازن لە كارەكانیان.

لێردا كێشەكە سەر هەڵدەدات، بە تایبەتی لە بوونی جیاوازنی نێوان، پێكهاتە پیشەییەكەی و پێكهاتە مرۆڤایەتیەكەی، جیاوازی نێوان درووست بوونی مرۆڤ بە هەموو مانای مرۆڤایەتیەكەی و نێوان سوودەكانی كار و هەوڵی بەدەست هێانی قازانجی ماددی.

وە سەرهەڵدانی كێشەكە لە لایەكی ترەوە لەوە سەر هەڵدەدات، مرۆڤ لە دەرئەنجامی گەشەیەكی كۆمەڵایەتی لە سەر خۆ لە ناو گۆمەڵگا داب ونەریتی اخلاقی و فیكری وەردەگرێت، وە دەرئەنجامی گەشەیە پیشەزای خێرا فیكری پەورەدەیی پیشەیی وەردەگرێت، بۆیە ئەم خێراییە لە گۆڕان  فیكری پەورەدەیی پیشەیی سەروژێر كرد.

وە كاتی باسی پەروەردەی پیشەیی دەكرێت تەنها لە وەر ئابووریەكەیەوە باس ناكرێت بەڵكو لە رووە كۆمەڵایەتیەكەی و ئەخلاقیەكەی باس دەكرێت، چونكە پێویستە مرۆڤ لە گەڵ پیشەكەی خۆی بگونجێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو تواناكانی بەگر بخات بۆ سەركەوتن لەو كارە.

وە لەم روانكەیە چەند بنەمایەك دانرا بۆ ئامادەكردنی تاك لە رووی پیشەیی لەوانە :

١- پێویستە پەروەردەی پیشەیی هەموو كەسێك بگرێتەوە چوونكە هیچ كارێك نییە هەر چەند سادە بێت پێویستی بە كەسێك نەبێت ئامادەكربێت بۆی بە شێوەیەكی گونجاو.

٢- رۆشنبیری پیشەیی لەگەڵ ئەوەی هەموو كەس دەگرێتەوە نایێت زیادە رۆیی لە جەخت كردن تەنها لە سەر پیشە بكرێت، بە تایبەتی لە سەرەتاكانی، چونكە زۆر لایەن هەن پێویستە كەسەكە بیزانێت، وەك رۆشنبیری گشتی بۆ پیشەكەی وەك لایەنی كۆمەڵایەتی و دەروونی و مرۆڤایەتی.

٣- نابێت پەروەردەی پیشەیی ببێتە جۆرێك لە جۆرەكانی پەورەدی رۆبۆتی، ونابێت پەنا ببردرێت بۆ ( ئامادەكردنی خێرا ) راستە لە هەندێ كاتی تایبەت پێویست دەبێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەم كارە هێچ بەهایەكی پەروەردەیی و مرۆڤایەتی نییە.

٤- پێویستە پەروەردەی پیشەیی لە سەر قۆناغ بكرێت بە پێ قۆناغی گەشەی كەسەكە ( لە منداڵ دەست پێدەكات تا دەگاتە قۆناغی گەورەیی )

٥- وە كاتێ پەروەردەی پیشەیی وەسفی كاركردن دەكات بە شتێكی پیرۆز، دەبێت گرینگی بە حەسانەوی كەسەكە بدات تا ئەم پیشەیە نەبێتە كۆیلەیەتی بۆ مرۆڤ بە جۆرێك وای لێبێت كەسەكە هەوڵبدات بە هەموو شێوەیەك رزگاری بی لێی.